## زیاد ئەسعد و (ئەمشەو فرمێسكێک دەرژێت) . . . . كارزان گلی

بێگومان هەموومان ئەوە باش دەزانین كەوا موڵكی كەسێك نابێت بە هی كەسێكیتر، رەنگە ئەوە بكرێت كەوا گایەك بدزرێت كلكی بكەن بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە بەڵام خاوەنەكەی بێدەنگ نابێت. هەندێك لە هونەر مەندانی خۆمان كاتێك تێكستێك بۆ گۆرانیەكانیان هەڵدەبژێرن بەبی ئەوەی رەچاوی هەندێك لایەنی هونەری بكەن سەرچاوەی تێكستەكە دیاری ناكەن، یاخۆت بەشێوەیەكە تر ناوی خاوەنی تێكستەكە دیاری ناكەن، بەتایبەت ئەو تێكستانەی كەوا فارسین یاخووت توركین چوونكە هیچ سانسۆرێكیان لەسەر نیە تاكو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكرێت. جا مەبەستم لەم بابەتە ئەوە نیە كە تێكستەكانی كوردی لاوازن بۆیە هونەرمەندانمان پەنا دەبەنە بەر تێكست و ئاوازی دەرەكی بەڵكو بە پێچەوانەوە لەبەر دابەشبوونی نەتەوەی كورد بەسەر چوار وڵات و نەبوونی كیانێك یاخوت وڵاتێكی كوردی تورك فارس ئاوازی كوردیان بردووە بەبی ئەوەی ناوی خاوەنەكەی دیاری بكەن، بۆ نموونە (شیرین هەی شیرینی هایدە بە فاسی وتتویەتی، یاالله شوفێر اباهیم تاتلساس بە توركی وتتویەتی، شیرین بەهارەی تاهیر تۆفیق بڵند سەرتاش و ئەمانەو زۆری تریش خۆیان كردووە بە خاوەنی ئەو ئاوازە كوردیانە) . هیچ مرۆڤێك یاخووت نەتەوەیەك حەز بەوە ناكات كەوا كەسێكی تر بێت ئاوازێکَ یاخووت تێكستێك وەربگرێت و بەناوی خۆیەوە بڵاوی بكاتەوە، بۆ نموونە هونەرمەندی دەنگ خۆش و لاو كاك (زیاد اسعد) گۆرانیەكی هەیە كە لە تێكستەكەیدا دەڵێت (گیانەكەم گەر دوای سەدساڵیش گۆرم هەڵكەنی دەبینیت هێشتان دلێك ماوە. . . هتد) دەقاو دەق وەرگیراوی رۆمانەكەی كۆرس بابایی بەناوی (ئەمشەو فرمێسكێك دەرژێت) كە (سالار عبدالرحمن سالح) وەریگێراوەتەوە سەر زمانی (كوردی) ئەم رۆمانی لە ئێران بە چاپ گەیاندراوە بە زمانی فارسی، لەبەرگی یەكەمی كتێبەكە نووسراوە (گیانەكەم گەر دوای سەد ساڵیش گۆرم هەڵكەنی دبینی هێشتان دڵێك ماوە كە لەسەری نووسراوە تۆم خۆش دەوی) ، (زیاد اسعد) یش خۆی كردووە بە خاوەنی ئەم تێكستە. هونەرمەندانی ئێستا وادەزانن خەڵكیلەگویی گایا نووستووە تەنها گوی َ لە گۆرانی دەگرن وبەس نازانن كە ئێستا گەنجانمان بیرمەندوو هۆشمەندن جیاوازیەكی تەواوی هونەری كوردی و دەرەكی دەكەن، كاك زیاد لە برِی ئەوەی پەنا بۆ تێكستێكی بیانی ببات خۆی لێبكات بە خاوەنی و با بە هۆنراوەیەكی خۆمانی هونەری كوردی دەوڵەمەند بكردایە، یاخوت هونەرمەندانی ئێمە پێان شەرمە تێكستێكی خۆمانی بكەن بە گۆرانی بەڵام پێیان شەرم نیە تێكستێكی دەرەكی وەربگرن و خۆیانی لێبكەن بە خاوەنی. من لەم بابەتە مەبەستم تەنها (كاك زیاد اسعد) نیە بەڵكو (كاك زیاد) یەكێكە لەو هونەرمەدانەی كە خاوەنی هەندێك تێكستی جوانە بەڵام ناوبراوم وەك نموونە بۆ هونەرمەندانی تر هێناوەتەوە. جا داوا كارین لە هونەرمەندانی گۆرنی بێژ كەوا شاعیری گۆرانیمان زۆرە كە تێكست بۆ گۆرانی دەنووسن دەتوانن هونەرمەندە لاوەكانمان سوود لەو شاعیرانە وەربگرن، با چیتر پەنا نەبەنە بەر ئاواز و تێكستی دەرەكی.